# داهێنان لەبەردەم ئیرادە و ویستی خێردا

ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی
(سلێمانی)

لە دوا پەنجەرەی ژمارە (٩١)ی ڕامان-دا کاک جەبار جەمال غەریب بەو نائومێدییە لە ڕادەبەدەرەی کە خستوویەتییەڕوو، گۆمە ساف و ڕوونەکەی لێ شڵەقاندووین و بەڕادەیەک لێڵی کردووە کە بەحاڵە حاڵێ هەندێ لایەنی سەرەکی هۆکاری ئەو (نائومێدییە)یم بۆ دەهاتە پێش چاووتارماییەکانیم دەناسییەوە، بەڵام ئەوەی لێی بێگومانم، ئەو خەتای چۆکدادان و یەئسە کوشندەکەی خۆی لە دنیاو ژیان، دەباتەوە بۆ (خۆ هەڵواسینی کوێرانە بە دەزووە وەهمییەکانی ئاسمانەوە)؛ ڕوونتر و ڕاستتر بۆ (تەفسیرە موقەدەسەکانی کەنیسە) و (باوەڕهێنان و تەسلیم بوونمان بە تەفسیرەکانی مزگەوت)... لێرەدا باشتر بوو هەر کورت و پوخت بیگوتبا: ئایینە ئاسمانییەکان هۆکاری سەرەکی نائومێدی و ورەبەردان و چۆکداداننانن.

ئەمە لایەکی باسەکەی، (ترسی پووچەڵکردنەوەی ئەو قەناعەتە کە ئێمە لە بوارەکانی فیکر و هزردا باڵاین)، وەک دیاریشە بەمە نووسەر دەباتە ئەوبەری باوەڕ بوون بە (زانست و کرانەوەی کۆمەڵگا- نائومێدی جیهانی-ی لە فەنابوون ئازادکرد).

لێرەدا دیسانەوە، ئەو بە هەمان گاسنەکەی (ئەنسکلۆپیدییەکان)ی وەک ڤۆلتێر و دیدرۆی سەدەی هەژدە؛ هەر هەمان وەرد دەکێڵێتەوە، بە جیاوازی ئەوەی ئەوان وا (نائومێد) نەبوون... دەچێ فیکری داهێنەرانەی بێ سنووری مرۆڤ، دروستکراوو داهێنانە شارستانییەکانی بە یەکلاییانە تێ دەڕوانێ و هەرچی پاڵنەرو هۆکاری ڕۆحی و هزریشە لێیان دادەماڵێ، بەمەش دڵی ئاو ناخواتەوە، (هیوا)ی لێبۆتە گومانێکی سەخت و دەستەوئەژنۆیە؛ (دنیای یەک ڕەنگمان لە دەست چوو، دنیای سەد ڕەنگیشمان بۆ دروست نەکرا)... دیارە ئەمە لووتکەی بێ ئومێدییە کە نووسەر گوتارەکەی پێ تەواو دەکات، بەڵام... بەرچاو ڕوونان خاوەنانی هزرێکی واقیعبینانە واناڵێن، وانازانن کە سەری ئەم دنیایە بە پووش گیراوە.

ڕەوتی داهێنان و بونیادی ئەم پێشکەوتنەی ئەمڕۆکە (گواستنەوەی کۆمەڵگا لەشارە گوند ئامێزەکانمان بۆ ناوجەرگەی دێهاتە پڕ مۆبایلەکان)، ئینتەرنێتەکان، دووکەڵاوییەکان و... بگرە پڕ کردنی ئاسمان و نێوان هەسارەکانیش- لە دەرەوەی گوێ ئەم زەویەی ئەمڕۆ پێمان تەسکبۆتەوە!!- بە ڕۆکێت و مانگە دەستکردەکان و وێستگە زەبەللاحە تایبەتەکانیان، تەنگ هەڵچنین بە ڕۆژ و مانگ و زوحەل و ئەوانی دی... هەموو لایەنەکانی ئەم ڕەوتە بریتییە لە (إن ما يستطيع الأنسان تخيله، يستطيع الأخرون تحقيقه- جول ڤرن)، هەر بەم مانایەش مایاکۆڤسکی دەبێژێ: ئایندە لەخۆیەوە نایەت، دەبێ کاربکەین بۆ هاتنی.

نووسەر دەستی خۆی بەسەر (دەزووە وەهمیەکانی ئاسمان)دا دەساوێ، کە دیارە گشت ئایین و باوەڕە

ئاسمانییەكانی مەبەستە.

(هەرچی لێكۆڵینەوەیە لە بوارەكانی كۆمەڵناسی و مێژوودا كە لە سەدەكانی نۆزدە و بیستدا ئەنجام دراون، وایان چەسپاندووە كە ئایین لە تەک بوونی مرۆڤدا وەک هەستێكی قووڵ و پاڵپشتێكی مەعنەوی بووە، جا هەرچی مەدەنیەت و شارستانیە سەرەتاییەكانە، بە پاشماوەكانیشیانەوە، گشتی سەرەنجام و لەدایكبووی ئەم هەستەن). «٢»

زانست شێوەیەكی دیاریكراوی ژیان و ڕێبازێكی دەستنیشانكراو بۆ ئادەمیزاد دیاری ناكات، ئەو دەرەنجام و قانوونەكانیمان دەخاتە بەردەست، ئەمانەش لە ژیانی كۆمەڵ و تاكەكانیدا هیچ بەهایەكیان نابێ ئەگەر لەگەڵ ئیرادە و ویستی خێر و چاكەدا یەكانگیرنەبن.

هەیە نەزانێ كە یەكبوون و هاریكاری نێوان تاكەكانی كۆمەڵ چ سوودێكی دەبێ بۆ سەركەوتن و بەرەو پێشەوە چوون و بەختەوەری ئەو گەلە؟ بەڵام شەڕانگێزی و كینەبەری و دژایەتیش هەر هەیە؛ زۆرجاریش لەو لایەنانەوەیە كە بانگەشەی زانست و مۆدێرنیزم دەكەن!!

بەمەدا، زانستەكە بە تەنیا سوودێكی ئەوتۆی بۆ كۆمەڵ نەبوو، بەبێ پاڵنەرە رۆحی و ئیرادە خێرەكە، ئەوەش خۆی لە (دەزووە ڕاستەقینەكانی ئاسمان)ەوە دەبینێتەوە.. ئەم لەنگەر گرتنەی نێوان جەستە و رۆح، ماددە و ماناكەی، بەبێ (خۆ هەڵواسینێكی ژیرانە بە دەزووە بەرجەستە و ڕاستەقینەكانی ئاسمانەوە) پێكنایەت.

خۆ كە بە ژیرانە هزرێكی گوشادەوە بتوانرێ لەنگەر گرتنەكە بهێنرێتەدی، ئەوكات نائومێدی پەی بە هۆشمان نابات و لێیشی نادوێین، (برتراند رسل) هەر لەم سۆنگەیەوە دەبێژێ: (من بە چاوێكی خەیاڵییەوە دنیایەكی پڕ لە جوانی و خۆشی دەبینم، ئەقڵەكان تێیدا فرەوان دەبن و هیوا و ئاواتیش تێیدا بێ سنوورە... گشت ئەمانە هەمووی دەشێ بێنەدی، ئەگەر لێیانگەڕێین. ئەم نەوەیەی ئێمەش دەبێ بڕیاری خۆی بدات، لەسەر ئەوەی كە ئەم ژیانە بژی، یان بەگێلێتی و سەركێشی خۆی تێكی بشكێنێ). «٣»

بابەتەكە مایەی قسە و باسی زێترە، بەڵام بوار هەر ئەوەندەیە.

**پەراوێزەكان:**

١- جەبار جەمال غەریب: داهێنان لەبەردەم نائومێدیدا، ڕامان، ژ(٩١)، كانوونی یەک (٢٠٠٤).

٢- د. علی فؤاد باشكیل: موقف الدين من العلم، دار الوثائق، كويت، (١٩٨٥)، ص«٣٢».

٣- فاروق سعد: قانون الفضاء الكوني، الأهلية للنشر و التوزيع، بيروت، (١٩٧٨)، ص«١٦٧».